## کۆبونەوەی کۆمیتەی نەرویژی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان، لەگەڵ کۆمیتەی نەرویژی ناوەندی چاك

رۆژی دووشەممە، ریکەوتی 2008/2/4 کۆبوونەوەی کۆمیتەی نەرویژی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان، لەگەڵ کۆمیتەی نەرویژی ناوەندی چاک بەرێوەچوو، ئەندامانی کۆمیتەی کۆنگرە، لە هاوبیران شوان بەرزنجی و هاورێ میروەیی پیکهاتبوون. کۆمیتەی نەرویژی ناوەندی چاک پیکهاتبوو لەبەریزان جهاد موحەمەد و دانا قادر و سۆزان کەرکووکی. کۆبونەوەکە نزیکەی دوو کات ژمیرونیوی خایاند.

هاوبیرانی کۆنگرە لەو کۆبوونەوەیەدا، ئاماژەیان بەرۆڵی گرنگی چاک کرد لەناساندنی کارەساتەکانی وەک کیمیابارانی هەڵەبجە و ئەنفال و کارەساتی سەردەشت، بەکۆمەڵی نیودەوڵەتیی - بەتایبەتیی لەئەوروپا. هەروەها"چاک" توانیویەتی تاکو ئیستا سەربەخۆیی خۆی بپاریزێ و، خۆی دووربگریت لە بەرژەوەندی و بیری تەسکی حیزبایەتی و خزمەتی کیشەی رەوای گەلەکەمان بکات لەدەرەوەی وڵات.

هاوبیرانی کۆنگرە، لەدانیشتنەکەیاندا، هاوکات، نگەرانی خۆیانیان بۆ دوو کەرتبوونی چاک دەربرێ و، هیوای ئەوەیان خواست کەهەردوو باڵەکەی "چاک" یەکبگرنەوە، چۆنکە یەکگرتنەوەی چاک، وەک رابوردوو گورێتینی زیاتر بەچالاکییەکانی دەدا و، زیاتر دەتوانیت خزمەتی ئامانجەرەواکانی گەلەکەمان بکات.

لەکۆتایی کۆبوونەوەکەدا، هەردوولا ریککەوتن لەسەر ئەوە پیکەوە هاوکاری بکەن. ئەوخاڵانەی هەردوو لا ریککەوتن لەسەری بریتیبون لە:

1- پەرەدان بەپەیوەندی دیبلۆماسی هەردوولا
2- هەوڵدان بۆ ناساندنی کیشەی کورد
3- هەوڵدان بۆ ناساندنی جینۆسایدی گەلی کورد
4- پیکەوەکارکردن بۆ کەمپین و خۆپیشاندان لەدژی هەر هیرشیک لەلایەن داگیرکەرانەوەبکریتەسەر نەتەوەی کورد لەهەموو بەشەکانی کورستان.
5- هەردوولا شاندیکی هاوبەش پیک بهینن بۆ پیوەندی گرتن لەگەڵ پەرلەمانی نۆرویژ و، پرسی ئەنفال و هەڵەبجەلەلایەن دەولەتی نۆرویژەوە، بەرەسمیوەک جینۆساید بدەنەقەڵەم.
6- هەوڵدان بۆ پەیوەندیکردن بەناوەندی سیاسی ئەوروپایی لەسەر هەر کیشەیەکی سیاسی و مرۆڤی گەلی کورد.

7– هەوڵدان بۆ دامەزراندنی "لۆبی کورد" لەئەوروپا.

**کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان – کۆمیتەی نۆرویژ**

**ناوەندی چاك کۆمیتەی نۆرویژ**

**ئۆسلۆ**: 2008/2/4